
# ناساندنی کتێب



«ناسنامەی کورد، مافی مرۆڤ و پێگەی سیاسی»، کتێبێکی قەبارە گەورەی ٣٤٩ لاپەڕەیی بە زمانی ئینگلیزییە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن دەزگای چاپەمەنیی زانکۆی فلۆریدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەم کتێبە کۆی کۆمەڵە وتارێکی بە پیزە لەلایەن چارلز جی. مەک دۆنالد و کارۆڵ. ئێی ئۆڵێری ئێدیت کراوە. لە پێشەکییەکەیدا هاتووە: ئەم کتێبە سەبارەت بە ناسنامەی کوردی؛ تایبەتە بە چۆنیەتیی بینینی کوردەکان لە لایەن خۆیانەوە و چۆنیەتیی بینینی کوردەکان لە لایەن کەسانی ترەوە. نوسەرانی هەر کام لە چاپتەرەکانی ئەم کتێبە هەوڵیان داوە لە سەرووی وشیاریی کولتوری، پردێک بۆ مافەکانی مرۆڤ و پێگەی سیاسیی کوردەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا لێبدەن. هەر بۆیە ئەم کتێبە بۆ خوێندنەوەی پرسی شوناسی کوردی و سیاسەت لە پارچەیەکی کوردستان تایبەت نەکراوە، بەڵکوو هەوڵی ئەوە ئەدا پرسی ناسنامەی کوردی، گرێدراو بە مافەکانی مرۆڤ و پێگەی سیاسی لە هەر چوار بەشی کوردستان بخوێنیتەوە. ئەم کتێبە لە پێشەکییەک و شەش بەش پێکهاتووە.

دوای پێشەکی، ئەم کتێبە شوناسی کوردی لە پێنج بەشدا دێنێتە بەر باس و خواس. بەشی یەکەم تێروانینی چەن ئاکادیمیسیەن و کەسایەتیی سیاسییە. «نێچیروان بارزانی»، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەم کتێبەدا یەکەم کەسە بە تێڕوانینیکی دیرۆکی باسی ناسنامەی کوردی و هەوڵەکانی «مەسعود بارزانی» بۆ ناسنامەی کوردی دەکات. لەم چاپتەرەدا نێچیروان بارزانی کێشەکانی بەردەم یەکێتیی کوردان و هەوڵەکان بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە باس دەکات. دواتر «مایکل ڤان دوسێن»، جێگری بەرپرسی ناوەندی نێونەتەوەیی ووْدرۆ ڤیلسۆن بۆ توێژەران، باسیک لەسەر پرسی شوناسی کوردی دەکاتەوە. لەم چاپتەرەدا ڤان دوسێن داکۆکی لەوە دەکات کە پێویستە کوردەکان هاوکات لەگەڵ بەدواداچون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، هەوڵ بۆ بەدواداچونی سیاسەتی دادپەروەرانەی خۆیان، مافە سیاسییەکانیان بکەن. «شەفیق قەزاز»، وەزیری هاوکاریی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چاپتەری دواتردا پرسی کورد وەک پرسێکی نەتەوەیی دەنرخێنێ. شەفیق لەم بەشەدا پێی وایە وڵاتە خاوەن کوردەکان توندوتیژیان بە مەبەستی پەراوێز خستنەوەی کوردەکان بەکار هێناوە بەڵآم لە ٣٠ ساڵی رابردوودا کوردەکان وەک پێشوو چیتر ئەم سیاسەتانەیان بێ وڵام نەهێشتۆتەوە. پرۆفیسۆر «عەبدولعەزیز سەعید»، بەرپرسی ناوەندی جیهانیی ئاشتی نێونەتەوەیی لە زانکۆی ئەمریکی، پێداگری لەسەر دامەزراندنی ناوەندێک بۆ لێکۆڵینەوە کوردییەکان دەکات. پرۆفیسۆر عەبدولعەزیز لەم بەشەدا پێی وایە بەمەبەستی تێگەیشتنێکی زۆرتر و پەروەردەکردنی شوناسی کوردی لەو کۆمەڵگایانەی ئەمڕۆکە لە حاڵی وەدیار کەوتنی سیاسەتی پلورالیسیتدان، پێویستە داکۆکییەکی زۆرتر لە سەر چەمکی peoplehood بکرێ تاکوو دەوڵەتبوون.

بەشی سێهەمی ئەم کتێبە لە ژێرناونیشانی «دەوڵەت، کوردەکان و بەدواداچونی دێموکراسی لە تورکیا»، چوار چاپتەری لەخۆ گرتوە. چاپتەرێکی ئەم بەشە بە ناونیشانی گیرانی ئۆجەلان وەک کاتالیزۆرێک بۆ دێموکراسی و کاندیداتۆریی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا باس لە کاریگەرییە دوولایەنەکانی بزووتنەوەی کوردی لەسەر ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە تورکیا و چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا دەکا. ئەم چاپتەرە کە لەلایەن «مایکێل گوونتێر»ەوە نووسراوە، پێی وایە ئوجەلان زیاتر لە هەر ڕێبەریکی کورد، لەم ساڵانەی دواییدا رۆڵی لە دروست کردنی هەستی باوەڕبەخۆبوونی کورد و نەتەوەخوازیی کورد لە تورکیا گێڕابێ. گوونتێر پێیوایە هەر چەن تورکەکان وەک تیرۆریستێک سەیری

ئۆجــەلان و بزووتنەوەکــەی دەکــەن بەڵام دوابەدوای گیرانی لە ســاڵی ١٩٩٩ و گۆڕانی بیرۆکەکانی ئۆجەلان، پێداگری ئەو لە ســەر دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای تورکیا، هەوڵدان بــۆ کەم کردنــەوەی ئاســتی توندوتیژی لەم وڵاتــە، ڕەنگە لە درێژخایەندا هەوڵەکانی وەک پرۆســەیەکی سیاســیی دوورودرێــژ ڕێگا بۆ کرانەوەی سیاسی لە تورکیا و دەرفەتی چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپا بۆ ئەم ئەم وڵاتە بکاتەوە.

چاپتــەری حەوتەم لــە ژێر ناونیشــانی «پێنج قۆناخی پێکهاتنی ناســیۆنالیزمی کورد لە تورکیــا»، لە لایــەن «هــاکان یاووز»ــەوە نووســراوە. ئەم مامۆستایەی زانکۆی «یووتا»ی ئەمریــکا، لــەم چاپتەرەدا پێی وایــە دارمانی ئیمپراتۆریای عوســمانی و فۆرماسیۆنی پرسی ئەتنیکەکان دەبێتە هۆکاری سیاســی بوونی ناسنامەی کوردی، دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە تورکیــا، وەک دووهەم هەنگاو تا ســاڵانی ١٩٥٠ ناسنامەیەکی جیاوازی کوردی بەرهەم دینێت، لە ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٨٣ لە ڕێگای سۆشــیالیزمەوە، ســێکیوڵاربوونی ناسنامەی کوردی وەک سێهەم قۆناخی وەدیار دەکەوێ. ســاڵانی ١٩٨٣ تاکوو ١٩٩٩ وەک چوارەمین قۆناخە؛ ئەم قۆناخــە بە وەدیار کەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان دێتە ناو پانتای سیاسەتەوە. پێنجەمین قۆناخ هاوکاتە لەگەڵ هاتنە ئارای بە فەرمی ناســینی مافە کولتورییەکان و چەشنە دێسێنترالیزاســیۆنک کــە پارتیــە کوردییە فەرمییەکان و هاوکات پێداگری کردن لەسەر دێموکراتیزە بوونی تورکیا. چاپتەری هەشتەم کە لە لایەن گوڵستان گوربەی نوسراوە باس لە میکانیزمەکان چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا دەکات. گوڵستان پێی وایە هەر وەک وڵاتی ئێران و ســووریا، نەبوونی سیاسەتی بە فەرمی ناسینی کوردەکان و نەبوونی دیالۆگی نێــوان کورد و تــورک و گرینگــی پێنەدانی ڕێکخراوە ناوەتەوەییەکان، لەمپەرێک بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

چاپتــەری نۆهەم لــە لایــەن «ڕۆبێرت ئۆلســۆن»ــەوە باسی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران و پرســی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ تاکــوو ٢٠٠٠ لەمــاوەی ســەرۆک کۆماریی نەجمەدین ئەربەکان و خاتەمی دەکا. ئۆلسۆن پێی وایە پرســی کورد کێشــەیەکی گەورەی ژیۆپۆلەتیــک و ژیئۆ ســتراتیژیی نیوان ئیران و تورکیایــە و باڵانســی هێزی ئــەم دووە لە باشوری کوردستانیش بە هۆی پەیوەندییەکانی یەکێتیــی نیشــتمانی و پارتــی دێموکراتی کوردســتان و پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ڕووبەرووی کێشە دەبێتەوە.

بەشــی چوارەمی ئەم کتێبە سەبارەت بە گەماڕۆکان، دڵەڕاوکێکانی مرۆڤی و لەدایکبوونی دێموکراســیی کوردی لە باشوری کوردستانە. بۆیــە چاپتــەری دەیەم لــە ژێر ناونیشــانی «سیاســەتی ئەمریکا و باشوری کوردستان» لە لایەن «دێڤید ئێڵ.مەک»، پەیوەندیی دەسەڵاتی ناوەندیــی بەغدا و دەســەڵاتە خۆجێیەکان و بە تایبەت هەرێمی کوردســتان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا هەڵدەســنگێنێ. دێڤید مەک پێی وایە لەناو پەیوەندییە سیاسییەکانی هەریم و بەغدادا، دەکرێ کوردەکان سیاسەتی مافــی مرۆڤیش بێننە ناو کایەی سیاســی و وەک فاکتەرێکی جیاواز بــۆ کاریگەری دانان لەسەر سیاسەتی دەورەوەی ئەمریکا کەڵکی لێ وەرگرن.


هانــا ی.فریجــی چاپتەری یانــزەی ئەم کتێبەی لــە ژێرناونیشــانی «دەوڵەتی عێراق، ئۆپۆزیســیۆن و ڕێگای چارەسەری» نووسیوە. ئەم چاپتەرە سێ بەشە؛ یەکەم بەش سروشتی دەوڵەتــی عێراق و چۆنیەتیی کۆنترۆڵ کردنی عیراق لەلایەن سەدام حوسینەوە باس دەکات. دووهەم بــەش لێکدانەوەیەک ســەبارەت بە ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیمی عێراق لە کۆتایی دووهەم شــەڕی کەنداو بە دواوە دەخاتــە بەر دیدی خوێنەرانەوە و سێهەم بەش فۆرمۆلێک بۆ هێزە ناوچەییەکانی عێراق بە مەبەستی دەسپێکردنی

پرۆسەی جارەسەرکردن و پێکهاتن لەم وڵاتە پێشنیار دەکات. «کاریگەریی گەمارۆ ئابورییەکان لە سەر باشووری کوردستان» لە نوسینی «رەند ڕەحیم فرانک»، «پاکتاوکردنی ئەتنیکی لە باشووری کوردستان» لە نوسینی «نووری تاڵەبانی»، کورستانی «عێراق، پرۆگرامی مرۆڤی» لەلایەن «ستافۆرد کلاری»، «دەرسەکانی عوسمانی بۆ عیراقی فێدراڵ» لە نوسینی «ئێرنێست توکر»، «فێدرالیزم وەک مۆدێلیک بۆ دیموکراسی» لە نوسینی «عەلی باباخان» و «کۆمۆنالیزم وەک داهاتوی عێراق» لە نوسینی «کارۆڵ ئی.ئۆلێری» چاپتەرەکانی ١٢ تا حەفدەی ئەم بەشە لەخۆ دەگرن.

بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە تایبەت بە ناسیۆنالیزمی کورد، مافەکانی مرۆڤ و ئاڵوگۆڕی ئابوری لە ئێرانی ئیسلامی. «چارلز جی. مەکدۆناڵد» چاپتەری یەکەمی ئەم بەشەی لە ژێرناونیشانی «ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێراندا» نوسیوە. ئەم چاپتەرە ناسنامەی کوردی لە ئێران هەر بەو جۆرەی لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە پێکهاتووە دێنیتە بەر باس و خواس. مەکدۆناڵد لەم چاپتەرەدا باس لە ئامانجە سیاسیەکانی کورد لە ئێران دەکات و ئەمە گرێ دەداتەوە بە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. باس لە سیاسەتەکانی دکتور قاسملو بە مەبەستی وەدیهاتنی ئامانجی کوردەکان دەکات. لە ئاکامدا نوسەر پێی وایە ناسنامەی کوردی لە ئێران بە وەدیار کەوتنی ناسنامەی ئێرانی لەو ناوچانە لەدایکبووە. هەر بۆیە کوردەکان لە کوردستان خۆیان وەک کورد و وەک ئێرانی بینیوە. بەڵام پێی وایە گەر بێت و ویستی کوردەکان بەرسڤ نەدرێتەوە، ئەوە کوردەکان خۆیان لە ئێرانییەکان دوور دەکەنەوە.

چاپتەری نوزدەهەم لە لایەن «نادر ئینتسار»ەوە نووسراوە. «شوناسە نەتەوەییە ڕکەبەرەکان، مەتەڵی کورد لە ئێران» ناونیشانی ئەم چاپتەرەیە. ئینتسار لەم چاپتەرەدا باس لە دەرفەت و ئاستەنگییەکانی کەمینەی کورد لە ئێرانی هاوچەرخدا دەکات و بەم پرسیارە دەستپێدەکا ئاخۆ کوردەکان ئەتنیکن یان نەتەوە؟... ئەی کوردی ئێرانی بە چ واتایەکە؟ چ داخوازییەکیان لە دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران هەیە؟... ئینتسار پێی وایە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە سووک و ئاسان نییە. هەر بۆیە بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی ڕەزاشا و پێکدادانی دەسەڵات و گرووپە ئەتنیکییە نافارسەکان باسی وەدیار کەوتنی ناسنامە و ناسیۆنالیزمی کوردی دەکا. ئەم چاوپێداخشانە تا سەردەمی سەرۆک کۆماریی خاتەمی و سیاسەتەکانی ئێران لەم سەردەمەدا باسی لێ دەکرێت و لە ئاکامدا ئینتسار پێی وایە وەک پێویستییەک دەبێ مافی تەواوی دانیشتوانی ئێران بە فەرمی بناسرێت.

«ئیلاهە شەریفپور هیکس» و «نیل هیکس»، نوسەرانی چاپتەری ژمارە بیستی ئەم کتێبەن لە ژێر ناونیشانی «مافەکانی مرۆڤ و کوردەکان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا». لەم چاپتەرەدا بە ئاماژەپێدانی شەڕی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ تا ساڵانی ٩٠ی زایینی، باس لە ڕێژەی گیان بەخت کردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی سیڤیل دەکات و دواتر بە ئاماژە بە خاڵەکانی مافی مرۆڤ پێی وایە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕێگای سیاسەتی دێموکراسیانە دەکرێ چارەسەر بێ. بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژە دەکاتە سەر هەوڵەکانی دکتور قاسملوو لە ساڵانی ١٩٨١ بۆ دابین کردنی دێموکراسی. بەڵام بە داخەوە دکتور قاسملو لە ژوولای ساڵی ١٩٨٩ لە پێناو دابین کردنی چارەسەرییەک بۆ پرسی کورد و دێموکراسی بۆ ئێران شەهید دەکرێ. ئەم دووە لەم چاپتەرەدا ئاماژە بە لاوازبوونی پێگەی کوردی ڕۆژهەڵات لە ئاستی ناونەتەوەیی دەکەن و پێشیان وایە دەسەڵاتی مەلا شیعەکان مافی دەسنیشان کردنی چارەنوسیان بەلاوە گرینگ نییە،




بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە خاڵێکی هاوبەشی بەرژەوەندی لە نێوان ریفۆرمیستە ئیرانییەکان و ئامانجە سیاسیەکانی کورد هەیە و ئەویش دێموکراسییە.

«فەریدە کووهی کەماڵی» چاپتەری بیست و یەکەمی ئەو کتێبەی لەسەر «گۆڕانی ئابووریی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێراندا» نوسیوە و پێی وایە ئیستا ناسیۆنالیزمی کورد لە بنەمای سەرەکیی خۆی واتە خێڵ و عەشیرە و گرێ درانی بۆ عەشیرە، بەرەو کۆمەڵگا وەک نەتەوە دەوڵەت هەنگاوی ناوە. فەریدە لە سەر بنەمای کتێبەکەی پێشووی خۆی لە ژێر ناوی ناسیۆنالیزمی شوانکارەیی، لەم چاپتەرەشدا لە روانگەیەکی مێژووییەوە، گۆڕانی بنەما سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە خێڵەوە بەرەو کۆمەڵگای مۆدێرنتر نیشان ئەدات و پێی وایە دوابەدوای ئیسلاحاتی ئەرزی، وەفاداری لە خێڵەوە بەرەو کۆمەڵگا ڕاگوێزراوە. لە ئاکامدا فەریدە بە لەبەرچاو گرتنی داهات، باری ئابووریی دابڕان و بەردەوامیی نێوان چین و توێژەکانی کوردستان و هاوکات کاریگەریی گۆڕانی ئابووری لە سەر ناسیۆنالیزمی کورد دەخاتە ڕوو.

«جیهانی عەرەب وجیهانی کورد»، «ڕوانگەی ئەوروپییەکان، ڕوانگەی دیپلۆماتێکی ئەمریکی و شوناسی کوردی لە عێراقێکی دێموکرات» چاپتەرەکانی ٢٢ تاکوو ٢٥ ی ئەم کتێبە پیکدێنن. سەرەڕای ئەوەی نزیک ١٠ ساڵ بەسەر نوسینی ئەم کتێبەدا تێدەپەڕێ، بەڵام بێ گومان ئارگیومێنت و تێڕوانینەکانی ئەم کتیبە بە هۆی ئەوەی لە ئاسۆیەکی دوورەوە سەیری ناسنامەی کورد و مافەکانیانی لە هەر سێ بەشی کوردستان کردوە، گۆڕانیکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و هاوکات زۆرێک لە ئارگیومێنتەکانی ئێستاکەش هەر سەلمێنراون. ڕەنگە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بتوانێ ژێدەرێکی زۆر باش بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بنەماکانی پرسی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی دەستەبەر بکات.